# لەسێبەری خەیاڵێکدا

شێعری : حەمەشوان شەریف
0906 2007 هۆڵتە – سوێد
hamashwan1@hotmail.com

جێم مەهێڵە ئەی شەپۆلی بێدەنگترین کەناری من
نەبا ڕووبار سەرهەڵبگرێ و چاوم ببێ بەدەریای وان
لەو ڕۆژەوەی بەدووچاوی دارستانی تۆ ئاشنابووم
نیگام هەورە هەناسەشم ووردەگەڵای شکاوی چەم
دە ئەی خەیاڵ سواری با م کە بۆمناڵێم ببەرەوە
لەکۆڵانی ئەو برینا دامبەزێنە چێگەی شەم ە
لەژێر باڵی ڕووناکیدا بمشارەوە تاراوگەمە
دە ئەی خەیاڵ گرێ کوێرەی ئەم گریانەم بکەرەوە
من وەک چنارێک سەوز بووم بەرزترم لەباڵای خەم
تۆ ببینە یەکەم گەڵای پایزانم بەسەماوە* هەڵئەوەرێم
خەیاڵ و ڕاز من بێ ئێوە لە پرچی شەو دڵ ڕەش ترم
ئەی بۆ نایەن ئەم دەرگایە بکەنەوە بووە بەژەنگ* هەموولەشم .